# عومەری کوڕی خەتاب -ڕەزای خوای لێبێت- نووسی: هەموو ساحیرێکی پیاو یان ئافرەت بکوژن

لە بەجالەی کوڕی عەبەدەوە دەڵێت: عومەری کوڕی خەتاب -ڕەزای خوای لێبێت- نووسی: «هەموو ساحیرێکی پیاو یان ئافرەت بکوژن»، ئێمەش سێ ساحیرمان کوشت. لە ئیبن عومەرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: «خزمەتکارێکی حەفسە (خێزانی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-) سیحری لێی کرد، ئەویش (خزمەتکارە ساحیرەکە) دانی پێدانا (ئیعتیرافی کرد لەسەر ئەنجامدانی سیحرەکە)، بۆیە (حەفسە) فەرمانی بە عبدالرحمانی کوڕی زەید کرد؛ بۆیە کوشتی». لە ئەبی عوسمان نەهدیەوە دەڵێت: «لە لای وەلید پیاوێک هەبوو یاری دەکرد؛ مرۆڤێکی سەربڕی، وسەری جیاکردەوە (لە لاشەی)، ئێمەش بە لامانەوە سەیر بوو، وسەری خستەوە شوێنی خۆی، جوندوبی ئەزدی هات و(ساحیرەکەی) کوشت».

[صەحیحە بە هەموو ریوایەتەکانیەوە] [بەیهەقی گێڕاویەتیەوە - ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە - مالیك گێڕاویەتیەوە]

چونکە سیحر کردن یەکێکە لە نەخۆشیە کۆمەڵایەتیە ترسناکەکان؛ وەبێتە هۆی خراپەکاری زۆر وسەرەنجامی پیس: لە کوشتن، بردنی ماڵی خەڵکی بە ناهەق، وجیاکردنەوەی نێوان هاوسەرەکان، وهەندێکی کوفرە؛ چونکە پەناگرتنی تێدایە بە شەیتانەکان ونزیکبوونەوە لێیان، خوای گەورە چارەسەرێکی بۆی داناوە لە شەریعەتدا کە لە ڕیشەوە ئەم نەخۆشییە دەردەهێنێت لە نێو کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا ئەویش بە کوشتنی ساحیرەکان، بۆئەوەی کۆمەڵگا لەسەر ڕێگای ڕاست بێت بە ڕەوشتە جوان وپاکەکان، وهاوەڵانیش ئەمەیان ئەنجامداوە وساحیرەکانیان کوشتووە -ڕەزای خوایان لێبێت- ئەمیش پاش فەرمانی ئەمیرەکان -پێشەوایان-.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5946